www.kurdistannet.org
1-2-2007 15:21 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ووتەی بیریارو ناودارانی جیهان لەبارەی پێغەمبەر محمد ... سەدار خالید.

هەولێر

ئەوەی بەردەستتان ووتەی کۆمەلێک بیریارو ناودارو رۆژهەلاتناسانە لەبارەی پێغەمبەری پێشەوامان کە بۆ مێژوو تۆماریان کردووە لەگەڵ ئەوەی موسوڵمانیش نەبوون.

1-مەهاتما غاندی: ویستم شارەزایی پەیدا بکەم لەبارەی خووڕەوشت وسیفاتی ئەوەی دڵی ملیۆنان کەسی بۆلای خۆی کەمەند کێش کردووە، بێگومان شمشێر نەبۆتە هۆکاری گەشەسەندنی ئیسلام، بەڵکو راستگۆیی ولێبراوی وئازایەتی پێغەمبەر بۆتە هۆکاری گەشەسەندن وجێ پێ قایم بونی ئیسلام. دوای خوێندنەوەی بەشی دووەمی ژیاننامەی ئەم پێغەمبەرە زۆر دڵگران بووم بەوەی کەوا زانیاریم لەبارەی ئەو کەڵە پیاوە لێرەوە کۆتایی پێ دێت و بەشی سێهەمی دەست نیە!!. غاندی بۆرۆژنامەی ینج اندیا

2-رما کریشنا راو: ناتوانین کەسایەتی محمدی پێغەمبەر لە هەموو بوارەکان شارەزاببین، بەڵکو ئەوەی لە تواناى من هەیە چەند دیمەنێک بخەمەروو، لەیەک کاتدا پێغەمبەرێتی وبازرگانی وسیاسەتمەداری وچاکسازی لە خۆگرتبوو، وەلەهەمان کاتیش ئومێدی بێ نەوایان وبێ باوکان و رزگارکەری ئافرەتان و بانگخوازی بەتواناوبوو. ئەمانەو چەندین سیفات وئاکاری تر وایان لێکرد ببێتە سەردەستەی نەوەی ئادەم. پرۆفیسۆر رما کریشنا راو لە کتێبی محمدی پێغەمبەر

3-بیریاری فەرەنسی لامرتین: ئەگەر ئەو مەرجانەی مرۆڤی زیرەک ولێهاتوو عەبقەری پێ بناسرێتەوە بریتی بن لە بەرزی وبلندی ئامانجەکان و وەدەست هێنانی ئەنجامی باش لەگەڵ کەمی هۆکار، ئەو کاتە کێ هەیە جورئەت بکات کەسێک لە پیاوەناودارەکانی مێژوو بەراوورد بکات بە محمدی پێغەمبەر لە زیرەکی ولێهاتویی؟ ناودارەکانی جیهان چەک وئیمپراتۆریەتیان بونیات نا، نەوەیەکیان دروستکرد هەر لەدوای خۆیان لەناوچوون، بەلآم محمدی پێغەمبەر ئیمپراتۆریەت وچەک وجبەخانەو سەربازگەی دانەمەزراند بەتەنها بەڵکو پێشەنگی وپێشەوایەتی رۆحی ملیۆنان خەڵکی کرد کە سێ یەکی دانیشتوانی سەر زەوی دەگرتەوە. ئەمەش تەنها بەس نەبوو بەڵکو توانی زاڵ بێ بەسەر هەموو بت وبیروبۆچونەپوچ وچەوتەکان. . . ،، ئەو توانیلەجیاتی ئەوەی بیست ئیمپراتۆریەت دروست بکات لەسەر ئەم زەویە، ئیمپراتۆریەتێکی رۆحی دامەزراند. من دەپرسم لەدوای ئەم هەموو سیفەتە بەرزانەوە ئایا ئێستا کەسێک هەیە بەرزتر لە محمد؟!!. لامرتین لە کتێبی مێژووی تورکیا باریس 1854 بەشی دووەم.

4-مونتجومری: ئامادەییەکانی ئەو پیاوە بۆ ئارام گرتن لەسەر ئەو ئەزیەتانەی هاتنەی سەر رێی بلآوکردنەوەی باوەڕەکەی، وئاکارە بەرزو جوانەکانی بەرامبەر بەو کەسانەی شوێنی کەوتوتن ورازی بون ببێتە سەرداریان، لەگەڵ دەسکەوتە زۆروباشەکانی، ئەوانە هەمووی شایەتی دادپەروەری وپاکی وبەرزی کەسایەتی ئەو ئەکەن، بە دڵنیاییەوە دەڵێم لە هەموو مێژووی پیاوە ناودارەکانی رۆژئاوا کەسێکی شایستەی وەکو محمد نەبووە کە بتوانێ وەکو ئەو بێ. مونتجومری لە کتێبی محمد لە مەکە 1953

5-بەرنارد شۆ: بێگومان جیهان زۆر پێویستی بە پیاوێک هەیە لە شێوەی محمد بیر بکاتەوە، ئەو پێغەمبەرەی توانی وابکات ئاینەکەی بە بەردەوامی ونەبڕاوەیی بمێنێتەوەو رێزداربێت، وەمن زۆرێک لەگەل وهۆزی خۆم دەبینم چونەتە ناو ئاینی محمد بە ئاشکرایی، ئەم ئاینە پێگەیەکی فراوان بۆخۆی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلآودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەو کیشوەرە (ئەوروپا) دا ئەمەزرێنێ. پیاوانی کەنیسە لەسەدەکانی ناوەراست وایان لە خەڵک گەیاندبوو کە محمد دژی مەسیحیەتە، بەڵام من دیراسەتی ژیانی ئەو پیاوەم کرد بینیم شتێکی زۆر سەرسورهێنەرەو دژی مەسیحیەتیش نیە، بەڵکو پێویستە ناوی لێبنرێ (رزگار کەری مرۆڤایەتی) وە بەرای من ئەمرۆ ئەو پیاوە ئەگەر ئیش وکارەکانی جیهان لە ئەستۆ بگرێت ئەتوانێ هەموو کێشەکان چارەسەر بکات بەشێوەیەک ئاشتی وخۆشبەختی بۆ مرۆڤایەتی فەراهەم بێنێت. بەرنارد شۆی ئینگلیزی لەدایک بوی شاری کانیا 1817-1902 یەک نوسراوی هەبوە بەناوی محمد بەڵام دەسەڵاتدارانی بەریتانیا سوتاندویانە.

6- دکتۆر شبرکی نەمساوی: مرۆڤایەتی شانازی بەوەوە دەکات کەسێکی وەک محمد بێتە ریزیەوە، محمد توانی یاساو تەشریعاتی نوێ بێنێتە ئاراوە بەر لە چەندین سەدە، ئێمەی ئەوروپی دەبینە خۆشبەخت ترین مرۆڤ ئەگەر بێت و بگەینە یاساو رێساکانی محمد.

7- تولّستۆی: شانازی بەسە بۆمحمد کە توانی گەلێکی دواکەوتوو خوێن رێژ رزگار بکات وئاسۆی پێشکەوتن وسەرکەوتنیان بەرودا بکاتەوە، ئەو ئاینەی محمد هەموو جیهان ئەگرێتەوەو دایئەپۆشێت چونکە لەگەڵ ژیری ودانایيدا دێتەوەو تەریبە. لیف تۆلستۆی 1828-1910 لە ئەدیبە هەرە ناودارەکانی جیهانە

8- مایکل هارت: هەڵبژاردن ودانانی ناوی محمد لە یەکەم ناوی کتێبەکەم –سەد پیاوی مێژوو- لەوانەیە خوێنەرانی توشی سەرسورمان کردبێت، بەڵام محمد کەسی یەکەمە کە توانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێت لە دین ودونیادا ئەمە لە کاتێکدێت کە پێغەمبەرانی زۆر هاتوون بەڵام پەیامەکەیان تەواو نەبووە کاتێ مردوون. بەڵام محمد پەیامی ئاینی ودونیایی دەست پێکردوو تەواوی کرد. مایکل هارت لە کتێبی سەد پیاوی مێژوو

– 9خاتوو ممسین مامۆستای زانکۆی ئیستانفۆردی کالیفۆرنیا لە کتیبێکی بە ناوی گۆتەو ئیسلام لە ساڵی 2001 بلاوکرایەوە دەڵێ: گەورەترین شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانی یوهان ولفانگ گۆتە پەیوەندی گۆتە لەگەڵ ئیسلامدا هێندە سەیرو سەرسورهێنەرە کە شایەستەیە بە شێوازێکی زانستی و ورد ئەو کەشە هەڵسەنگێنین، خۆشەویستی گۆتە بۆ ئیسلام دەروونی بووە و لە بنەما ئاساییەکان بەدەربووە، گۆتە لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا خۆشەویستی بۆ ئیسلام دەربریوە.

–

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.